# « بەیاننامەی قاڵبیەکی ماندوو »

مراد ئەعزەمی

(1)

" شێعر ، ئەو فەزا لەرزان و خزیلکەیە کە مشتێ نیشانە ، وەک ئەو کۆدانەی کە تەقینەوەی چەمکەکانن ، لەودا رەنگدەدەنەوە " .

ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە ئۆکتاویۆپاز، دەیدابەشێعرو، شێعربەفەزاوبەستێنەک پێناسەدەکاکەخاوەنی نیشانەگەلی پەرش وبڵاون و، هەرکامەیان لەپێوەندی لەگەڵ یەک ولەتەک تەواوەتی دەق دەبنە کۆدێک بۆگووڕانی چەمک ومانا. ئەم پێناسەوئادرێسە، زۆررەنگ وبێچمی ئەوپێناسەیەدەداکە فرۆیدوباقی دەروون شیکارەکان ، زیادوکەم، دەیدەن بەخەون ورۆئیاو، مەرجی شرۆفەوکەشفی جیهانی خەون ودەلالەتەکانی، بەکەشفی نیزام وکردنەوەی کۆدەکان دەبەستنەوە. هەربۆیەش بۆ چوونە ناو ئەم فەزا لەرزان و خزیلک و نەوەستاوە ، یەکەم هەنگاو رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم نیشانانەو ، کردنەوەی ئەو کۆدانەن کە دواجار چەمکەکان و گوتارو جیهان بینی دەق لەسەر دەستی ئەمان و لەئەنجامی پێوەندی و کار لێکیان دێنە خوڵقان .

خەون/دەقی شێعری، موختەسساتی جیهانی خۆیان لەسەر دەستی ئێلێمانەکانی کۆدسازی ، بە دوو ئاراستەی جیاوازەوە رەسم دەکەن :

1) بە ئاراستەی پێوەندی گرتن و ئیرجاع و گەڕانەوەی نیشانەوکۆدەکان بۆ فاکتە عەینی و دە رەکیەکانیان، لە جیهانی دەرەوەی دەق و پەل هاویژی دەق بۆ جیهانەکانی دەوروەبەر و جۆرێک دەق ئاویزی .
2) بەرەو ئاراستەی کار لێک و پێوەندی و سەنتێزی نیشانەو کۆدەکان لەناو فەزای ورووژاوی ناودەق لەتەک یەک و لەگەڵ یەک و چرپەوچپەی دالەکان بە گوێی یەکدر .

بۆ دەس نیشان کردنی هەر کام لەم ئاراستە جیاوازانەی هەستی بەرهەم هێنەری دەقی شێعری/خەون ، جگەلە دەستە و داوێن بوون لەتەک کۆدەکان و نیشانەکانی زیندوو و خزیلکی ناودەق و کەشفی رۆحی سەیال و نائارامی ئەم ورکە گیانە بزۆزو بزۆک و بگۆڕانەی ناو جیهانی تەلیسماوی دەقی شێعری ، بوتیقایەکی ترمان نیە .

* * *

(2)

دەفتەری شێعری رەزا عەلی پوور ،بەپێکهاتەیەکی تەلیسماوی وسەیال ورەچاونەکراو، بەوقەرینانەی لەدەوامی وتاردائاماژەی پێ دەکرێ، بۆی هەیەلەناو هۆدەی پێناسەکەی"پاز" سەبارەت بە شێعردا، بگونجێنرێ . بەم جۆرە، خزمایەتیەکەشی لەتەک خەون هەربەم قەرینانەوە دەسەلمێنرێ، بۆنموونە:

یەک. بەوسیستمە زمانیە پچڕپچڕوتێکچڕژاوەی دایم لەخوێندنەوەدادەسڵەمێتەوە.

دوو. بەووێنەوکۆمپۆزیسیۆنانەی کە بەردەوام دەکەونە سەریەک وتەسویرێکی رەهاودیاریکراوبەدەگمەن مەجالی حزووری بۆدەرەخسێ.

سێ. بەو تەداعی وبانگهێشتنانەی چەمک ووێنەکان بەرهەمی دێنن وهۆدەبەهۆدە دەمانبەنە ناوبیرەوەری وگێڕانەوەو(شوێن _ کات)ێکی وەستاو چەسپاوفرسەتی بەرهەم هاتنی نیە.

ئەو جیهانە تەلیسماویە لەیەکەم هەنگاوو ، لەیەکەم دیمانەی لەگەڵ خوێنەردا ،بەسەرەکی ترین رەفتار، قەڵشتێک داوێتە ناوجامخانەی مەعریفەی خوێنەر، یەکەم، بەودووشێوەناودێر کردنەوەی رووبەرگ وتەواوی بارسای ناو دەفتەرەکە، کە هەرکام خاوەنی دەلالەتێکی جیاوازە. دووهەم، ناسناوی ناو هەناوی دەفتەرەکە، کە تەواوی بارسای جەستەی دەفتەرەکەی تەنیوە، داوای باوەڕهێنان بە زێتر لە یەک مانایی بوونی دەکا لە خوێنەرەکەی.

لە یەکەم خوێندنەوەدا و ، بە تۆزێک دووربوونەوە لە دەقی شێعری و،دەرکەوتنی پرێسپێکتیوی ، فۆرمێکی زنجیرەیی دێتە بەرچاو ، کە ئاڵقەکانی هەربەشەی لە گەڵ بەشی بەر لەخۆی ودوای خۆی تێک هەڵچوون وتێک ئاڵقانێکیان هەیە و لە هەندێک شوێن دا جۆرێک لێک هاڵاون کە بوونەتە گرێ پووچکە و پێویستە بە لەونێک ئاڵقەکان لێک جیا بکرێنەوەوگرێ پووچکەکە بکرێتەوە .

بۆ کردنەوەی ئەم گرێیانە ، پێویستە شوێنی ئازاد کرانی ئاڵقە تێک هاڵاوەکان بدۆزینەوە، ئەم شوێنانە لە هەناوی دەق دا ، دەکرێ هەر ئەو کۆدو نێشانانەبن کە پێوێستیان بە جۆرێک بێناسە دان و رێک و پێک کردن هەیە .

بۆ کەشفی کارکردی واژەتەوەرەیەکانی دەقی شێعری ، بە لەبەر چاوگرتنی دەوری بەرچاوو رێژەی چەن پات بوونەوە ( فێرێکانس ) و قورسایی هەندێک لە واژەکان ، دەکرێ وەک دەستە کۆدێک ، بە گوێرەی ئەوگوتارە ئاشنایەی کەواژەکە سەربەوگوتارە تایبەتە پێناسە دەکا، لە پێنج خانەی جیاواز داپۆلێن بکرێن :

1. (کۆدەکانی گوتاری هێندەسی):هێندەسە/ نوختە/ خەت/ مورەبەع/ موکەعەب/ موسەلەس/موستەتیل/ پارانتێز
2. (کۆدەکانی گوتاری ئۆبژە کان):سەندەڵی/ کەوش/ قاڵی/ کۆڵوانە/ کڵاو/ سێو/ پرتەقاڵ
3. (کۆدەکانی گوتاری کەسایەتیەکان):دایک/ باوک/ خۆشک/ کاکە/ مناڵ/ ژن/ پیاو/ سەرباز/ فەرماندە
4. (کۆدەکانی گوتاری ئاینی ):دوعا/ خەو/ خەون/ نیشتمان/ مەرگ
5. (کۆدەکانی گوتاری سرووشتی):کێو/ باران/ پایز/ خۆرهەتاو/ ئەستێرە/ باڵندە/ گورگ/ قاڵاو

ئەم پێنج تاقمە کۆدە ، لە سەرتاسەری دەقدا دێن و دەڕۆن و جار جێنشینی یەک دەبن و جار هاونشین و ، لە هەر کام لەم هاتوو چۆیانەدا ، گۆشەیەک لە جیهانی دەق ـ مان بۆ رەنگرێژی دەکەن .

لە لایەی دووهەمی هەڵس وکەوتی دەق لەگەڵ ئەم کۆدانەدا ،لە نێوانیان دا جۆرێک پێوەندی دوولایەنە دەبینرێ ، کە لە کوێ ئەم پێوەندیانەدا ، سیمای گشتی دەق دەگوورێ . ئەم شێوە پێوەندیانە ، یاسایەکی ناو دەقی دادەڕێژنکە بەشێک لە گوتاری دەقی شێعری پێک دێنن .

مورەبەع ⟷ ئیسپانیا ⟷ لۆرکا ⟷ فەلسەفە
سەندەڵی ⟷ دانیشتن ⟷ کەوش ⟷ گۆرەوی ⟷ نیشتمان ⟷ قاڵی ⟷
کۆڵوانە ⟷ دین ⟷ نوێژ ⟷ دوعا ⟷ دایک ⟷ پایز
خۆشک ⟷ فرۆکە ⟷ هەڕاکردن
باوک ⟷ کاروانچی
نوقتە ⟷ مناڵ ⟷ ژن

هەر بەم شێوەیە ، جۆرێک پێوەندی دوولایەنە ، لە نێوان واژە سەرەکیەکانی دیکەی دەقیش دەکرێ بدۆزرێتەوەو نەخشەیەکی سەرەتایی لە جوگرافیای دەق دەس نیشان بکرێ بۆ یەکەم هەنگاو هەڵێنان بەرەو ئاقاری جیهانی شێعری عەلی پوور .

دەق ، لە سێ توێژداو بە سێ رەهەندی جیاوازەوە ، لەگەڵ ئەم کۆدانە هەڵس و کەوت دەکاو هەوڵی خوڵقاندنی جیهانی تایبەتی خۆی دەدا.

1. ( لە توێژی واژەکان دا ) :
لەرەهەندی ئەو پێوەندی و کۆدسازیەی کە دیاردەو سەمبۆل و دالەکانی ئاماژە پێکراو لە قەوارەی واژەکان دا دەیسازێنن .

2. ( لە لایەی گوزارەکان دا ) :
بەو سەنتێزەی واژەکان لە گەڵ یەک هەیانە و وزەی شارەویان لە توێژ و لە قالبی گوزارەکان دا دەتەقێننەوە .

3. ( لە توێژی بەندە جیاوازەکان دا ) :
ئەو پێوەندی و بانگهێشتن و تەداعی و ئیرجاعانەی بەش و بەندە جیاوازەکان پێکەوە هەیانە و پاژەکانی جیهانی پێک دێنن و، لەسەرجەمی ئەم رەفتارانەش دا، تێرمینۆلۆژیاوگوتاری دەق بێچم دەگری .

************

(3)

دەقی شێعری « قاڵییەک دەناسم ... » یان « بەیاننامە بە دوومانا » چامە شێعرێکی بڵێندە ، کە بە پشوویەکی درێژەوە بەرهەم هاتووەو پشوویەکی درێژیش دەوێ بۆ خوێندنەوە.بەوپێکهاتە فانتازیایی وخەون ئامێزەی ئەم چامە شێعرە هەیەتی، خەون وەک پارادایمێک لەودا دێتە بەرچاو، بۆیەش لە یەکەم خوێندنەوەدا ، بەشەکان خاوەنی پێوەندیەکی پتەو نایەنە بەرچاو ، بەڵام بە خوێندنەوەیەکی قووڵتر ، رۆحی چەن مۆتیڤ و وێنەو کۆد ، لە سەرتاسەری دەقدا بۆمان بەرجەستەدەبنەوە . وەک بۆ نموونە ، لە چامە شێعری ( ئافات ) ی شێرکۆ بێکەس دا ، سێ کۆدی ( مەرگ و کچ و با ) سەرانسەری دەق دەتەننەوە وهەموو بەشەکان پێکەوە دلکێنن :

سەرەتا :

" .... ئەی کچی مەرگەسات !
ئەی ژنی بەفری رەش ، ئەی کچی وڵاتی
تاعوون و کارەسات !
ئاوێزانم بە تێکەڵم بە
....
ئەوەتا ( با ) یەکی مۆری رەقاویی گرنج گرنج ، زبر ،
وەکوو ئەو غەزەبەی لە کەناری مەملەکەتی
ئاتەشێنی « پارس » ەوە زوو ، هەڵیکردوو ،
لەگەڵ خۆیدا
دەغڵی ماچ وئاگردان و رووناکی برد . "

ناوەندەکان :

" .... ئەمە مەرگی نوورانیەو بە شەپۆل دێ

ئەمە مەرگی وەجاخزادەی رۆژهەڵاتە .
ئەی کچی بە لەعنەت کراو
لەبەر دەمی ئەم مێژووە ترسنۆکەدا !
ئەم قەوزانە تازە لە لەشمان نابنەوە . "

کۆتایی :
" .... من ناتوانم باهۆزی شێتێتی خۆم
لەم ئافاتە بشارمەوە ،
....
ئەی کچە ساسانیە جوانەکە !
وەختی سوورو سات بەسەر چوو .
مەرگێکی نوێ منی ئەوێ ! "

وەک دەبینین ، ئەم سێ مۆتیڤە ، وەک رۆحی سەرگەردانی دەق ، سەرانسەری چامەی داگرتووە ولە دەماری هەموو بەشەکان دا لەگەڕیان دایە .

خوێنی ناودەماری ئەندامەکانی جیاجیای دەقی شێعری ( رەزا علی پوور ) بە تەساموحەوە دەکرێ قایل بین کە بە ڕەنگی چوار مۆتیڤەکەی خوارەوە جاریە :

( قاڵی ـ مورەبەع ـ باران ـ مەرگ )

" مورەبەعێ دابنێ ،
لەسەری دانیشە
بیر لە لۆرکا بکەرەوە
ئیسپانیا
یانی
گا !
....
شتێکی قاڵیتر لە ژن و نیوەژن نەخەوتووم
خۆشێکم پیابدەن ...
ئەکرێ موکەعەبێک دابنێی
لەسەری بوەستی
ئێستا دێڕێک لە ملەتەوە بئاڵێنە
بە مردن خۆ دەستت
خۆ دەستت بە مردن کە ئەگا
....
وابزانن من باران
باوەڕ کەن ماندووبووم

ئەوەندە لە دەس ئاو هەڵاتم
....
"

بەیاننامە ، بە مورەبەعێ بۆ دانیشتن و حەسانەوەو لۆرکای شاعیر و ئیسپانیای زێدی لۆرکا و نمادی ئیسپانیا ، « گا » دەس پێدەکا:

" مورەبەعێ دابنێ
لەسەری دانیشە
بیر لە لۆرکا بکەرەوە
ئیسپانیا
یانی
گا " ل 5

دوابە دوای ئەم تەسویرە ، لە بەندی دووهەم دا ، باسی کەوش و لیباس داکەندن و کراس شوشتن و باوک و خوشک و پرسیاری کۆتایی سەبارەت بە ئیدامەی هەستی خۆی دەکا . ئانالیزی ئەم دوو تەسویرو تەوسیفەو پێوەندیان پێکەوە ، ڕێگامان بۆ چوونەناو بەشەکانی تری دەفتەرەکەخۆشترو هاسانتر دەکا . ئەم دوو وێنەیە ، ڕۆحی دووچەمکی دەروونناسانەیان لە خۆدا حشار داوەو بەوانەوە بارگاوی بوونە ، حەسرەت و ئیزتراب. با وردتر جارێکی تر بیانخوێنینەوە :
بۆ خوێندنەوەی قووڵتروخزانە نێو ژێرلایەکانی دەلالەتی ئەم بەشانە ، سەرەتا واژە کلیلیەکان شەون وکەوکەین :
**مورەبەع** : چوارگۆشەیەک کە بە قەرینەی دانیشتن ، نمادی حەسانەوەو ئارامشە .
**لۆرکا :** شاعێری شۆرشگێری ئیسپانیایی ، کە بە شێعرەکانیەوە دژ بە دیکتاتۆر و دەسەلاّت هەڵگەڕاوە و لە ئەنجام دا گیانی خۆی لەم ڕێیە دا بەخت کردوە.
**گا :** سەمبۆلی وڵاتی ئیسپانی ، کە لە مێژوو و فۆلکلۆری ئەم وڵاتە دا ڕەگی داکوتاوە .
بەلاّم ئەنجامی تێک هالاّنی ئەم ئێلێمانانە ، دەلالەتێکی لێ دەکەوێتەوە کە بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تر یارمەتیمان دەدا. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ، مورەبەع ، یەکێکە لەو کۆدانەی کە بە کرانەوەی زۆر گرێ پوچکەی دیکەی دەقیش دەکرێتەوە . وەک لە ئیدامەی وتاردا بۆمان دەر دەکەوی ، ئەم ئێلێمانە، ناو بەناو لە دەقدا دووپات و چەن پات دەبێتەوە ، بەلاّم بە چەندین شێوەو بێچمی جۆراجور و جیاواز وەک :
**مووکەعەب :** کە مورەبەعێکی خاوەن بارسایی و حەجمە :
" ... ئەکرێ موکەعەبێک دابنیی
لەسەری بوەستی
ئێستا دیرێک لە ملتەوە بئاڵێنە
بە مردن خۆ دەستت
خۆ دەستت بە مردن کە ئەگا
.... " ل 8
**سەندەڵی :** کە لەمورەبەعێک پێک هاتووە لەگەڵ چوارپایان :
" ... گریمان نیشتمان گەورەترین سەندەڵی بێت
من حەقمە پرسیارێک ئاراستەی دانیشتن
وەک ئەوەیە سەندەڵییەک خاپوورم کا ، ... " ل 7
موسەلەسێک کە هەندێک جار چوار گۆشەیە ( موسەلەس ، کە لە دۆخێکی مەرگئاوی دا چوار گۆشەی هەیە ) .
" ...
من ئەڵێم دۆعاکە موسەلەس لەکاتی مردنما چوارگۆشەی

ئەگینا بە فریای زیندەگی
کە ئە خۆم
فنجانێک چوارگۆش و
خول ئە خۆم ...        " ل 32

موسەلەس ، لەفەزایەکی رۆحانی دا و لە تێک هاڵان لەگەڵ ساتە وەختی مەرگ ، مەسخ دەبێ و دەبێتە خاوەن چوارگۆشان.

ئەم چوار گۆشەیە ( مورەبەع ـ سەندەلی ـ موکەعەب ) کە بۆ دانیشتنە ، نمادی حەسانەوە وئارامشە . دەق پێمان دەڵێ لەسەری دانیشین وبیر لە کۆرکا بکەینەوە. لۆرکا کە وەک باسمان کرد ، شاعیرێکی شۆڕشگێری شەهیدە .

بە هێمنی دانیشتن بیر لە شاعیرێکی ئاوا کردن ، حەسرەتی شاراوەو ناهوشیاری دەقە ، سەبارەت بە دۆخێکی ئایدیال . حەسرەتی دووهەم ، لە بیرچوونی کەسایەتی شاعیرێکی لە گوێن لۆرکایە ، بە لەونێک کە ئیسپانیا ، بە واتای لۆرکا نیە ، بەڵکوو « گا » هەر نمادی ئیسپانیایە و لۆرکا فەرامۆش دەکرێ .

لە بەشی دووهەم دا ، شاعیر بە جەسارەتەوە ، هەنگاو دەنێتە جیهانی دەقەوە بە ئارخاینی کەوشەو لباس دادەکەنی و گیرفانی کراسەکەی دەشوا و بیر لە باوک و داهاتووی دەکا :

" ... ناترسم لەم دێڕەدا کوشەکانم دابکەنم
پالتاوەکەم
بەحەرفێکەوە کەوایە هەڵواسم
کڵاوێ ـ کە نیتە ـ بیکەمە سەر نوقتەیەک ... " ل 6

لەم بە شەدا ، دوای جیهانی حەسرەت ئاوی لۆرکا ، دەق باسی ئیزترابی شاعیر لە جیهانی خۆماڵی خۆی دادەکا و دڵەراوکێی داهاتووشی لە ناخی پرسیارێکدا دەردەبڕێ :

" ... تۆ بڵێی ئیدامەی دەستی من بگاتە خەتی کێ ؟ " ل 6

ئەم دوو بەشە ، وەک دەس پێک و پێشەکیەکە بۆرۆنانی جیهان و دنیای دەق بە گشتی .

لیرەدا ،دەگەرێنەوە بۆئەوبەشەی کە باسی چوارڕەهەندی جیاوازی هەڵس وکەوتی دەق لەگەڵ ئەو کۆدانەی دەس نیشان کران ، دەکاو ، هەوڵی خویندنەوەی دەق دەدین ، بەم پێشەکیەی کە باس کرا :

*      *      *

" ... ئەکرێ موکەعەبێک دابنێی
لەسەری بوەستی
ئێستا دێرێک لە ملتەوە بئاڵێنە
بە مردن خۆ دەستت
خۆ دەستت بە مردن کە ئەگا ؛
تاقە کە چی تیایە ؟   هیچ !
نوقتە سەری خەت ! ...      " ل 8 و 9

بەرلەمە ، دەق بە گوزارەیەکی ئەمری ، بانگهێشتنی خوێنەری دەکرد کە لەسەر مورەبەعێک دابنیشێ و بیر بکاتەوە . بەڵام ئەمجارە ، ئەگەرچی فۆرمی گوزارەکە نەگۆڕاوە ، بەڵام بۆتە خاوەن بارسایی و ( حجم ) و، مورەبەع ، بۆوەتە موکەعەب و دانیشتن ، بە راوەستان جێی گۆڕاوە . جاری یەکەم ، کارێکی زەینی ( بیرکردنەوە ) خواسترابوو ، بەڵام ئەمجارەیان ، دوای

ئەوەی ئاڵقەیەک لە زنجیرەی جیهانی دەق هاتە دەربڕین خواستی دەق دەگوازرێتەوە بۆ ئاکارێکی عەینی فانتازیایی. ئەو رەفتارەی لەم کۆپلەیەدا بەرچاوە و شایانی باس ، ناتەواو بوونی وێنەو تەواوبوونەوەی لە شەست ، هەفتا لاپەڕەی دوایی و لە کۆپلەکانی بەرەو کۆتایی یە :

" ... ئێوارەیەکم لێوە بئاڵێنە
خوا گەورەیە یان عەکسی تاقەکە سەیر ئەکەم
عەکسیَ پڕە لە تۆ
قاپیَ پڕە لە من
من لە تاقەکە دانیَ ... " ل 73 – 72

پرسیاری کۆپلەی لاپەرەی (9) ، سەبارەت بەو شتەی لە تاقەکەدایە ، دە کۆپلەی لاپەرەکانی (73 – 72) دا وڵام دەدرێتەوە :

**- پرسیار :**

" ... تاقەکە چی تیایە ؟ هیچ ! ... " ل 9

**- وڵام :**

" ... عەکسیَ پڕە لە تۆ
قاپیَ پڕە لە من
من لە تاقەکەدا دانیَ ... " ل 73 – 72

لە کۆپلەی ل (9 – 8) دا ، وەسەر موکەعەب کەوتن و دەس گەیاندن بە مەرگ لکاوە بە ئەو شتەی بۆی هەیە لەسەر تاقەکە دابیَ ، پێوەندی ئەم وێنانە چۆناوچۆن لە دەق دا بەرهەم دێت ؟ .

ئەو کۆدانەی ئەم دوو کۆپلەیە بە یەکەوە دەبەستنەوە و لەتێک هاڵانیان دا مانا دەگووریَ و بەشێک لە جیهانی دەق بەرهەم دێت ، بەمجۆرە هاتوونەتە کایە :

( مردن - تاقە - عکسیَ پڕە لە تۆ - قاپیَ پڕە لە من )

" من " بۆی هەیە لێرە دا مەجازیَ بیَ بۆ ( وێنەی من ) ، کە لە رۆخی ئاوی پڕ لە قاپ دایە ، ئاوی پڕ لە قاپ بۆ بەڕیَ کردنی موسافیر ، بەرەو سەفەری مەرگ ، وە"من" ، داخوازی ژیان و مانەوەو نەرۆیشتن و ماندوو لە رۆیشتن و ماڵئاوایی بەردەوام ، داخوازە قاپە پڕ لە ئاو [ ( من ) - ەکەی ] لە سەر تاقەکە بمێنێتەوە و چیدی بە ڕیَ نەکرێتەوە .

تەسویری بەرهەست کراوی مەرگ و ماڵئاوایی بەرودەوام وسەیالی زەین و خاتری کۆپلەکان ، لە کۆپلەی وڵام ( ل 73 – 72 ) دا ، وەک پازێلی مەرگ ، چنراوە :

" ... قاپیَ پڕە لە من
من لە تاقەکە دانیَ
کاکەم بە دیوارەکە دا داکوترا
باوکم بە دەم ترسەکانیەوە
دەستی خۆی قورئانێک دەگریا
کەسێک ئەیوت
کاکەم بە دیوارەکە دا داکوترا
دایکم دنیا دەزریکێنیَ
کۆڵوانەکەی پڕە لە کۆڵ

پشتوێنەکەی پڕ لە پاییز
قژەکانی ئە ئاوا ئەگریا
ژنێک من ماچ ئەکا
پرسەکان رائەخرێن " ( ل 73 ـ 72 )

مەرگ ، کەیەکێکە لەو رۆحە سەرەڕۆ و سەرگەردانانەی ناو دەق ، لەم کۆپلەیەدا هەستی دەسەلآت دار و زاڵی نادیارو غایبە . مەرگ لە ناو قاپی پڕلە من، کاکەی بە دیوار داکوتراو ( دیسان سوژە ـ کاکە ـ بۆوەتە مەجازێک بۆ ئۆبژە ـ وێنەی کاکەی شەهید ـ ) . باوکی ترساوی گریان ، و پرسەدا خۆی مەڵاس داوە و دایک ( ئەو رۆحە نائارامە و هەڵگری باری تاقەت پرووکێنی خەم و خەفەتی تەواوی کەسەرەکانی ناو دەق ) بە گەروو کۆڵوانە و پشتوێن و قژەکانی ، ئەزریکێنێ و دەردو کوڵ هەڵئەگرێ و پاییز کۆئەکاتەوە و ئەگری و ... . دایک سێبوری تەواوی ماندوویەتی دەقە لە کۆپلە جیاجیاکانی بەیاننامەی قاڵیە ماندووەکە :

ـ " ... کە مردن بە درێشیدا
بەرەو سەر
دایکمی دەگریاند ،
هەمیشە دەستی خۆی
ئەخاتە بەر دوعا ... " ل 17

ـ " ... کۆڵوانەکەی پڕە لەدین
هەمیشە دەستی خۆی
دایکی من
ئەباتە بەر دۆعا ! ... " ل 18

ـ " ... دایکم ئەبێ بە عەسرەکاینا بگری
شەوبۆ ـ کان
لەگریانە کاینا
لە هێندەسە سادەکەیا مونتەزرن ... " ل 19

ـ " ... دایکم ئەبێ
سەرسەکۆکەی پیرتر ببێ و
هەناسەکانی بژمێرێ
ئەبێ بگری بە عەکسێکی بێ مسداقا :
... " ل 49

ـ " ... دایکم هەموو ترسەکانی
لە شوێنێکا هەمار ئەکا و
بەینا و بەین
لەتێکی لەچاویا
ئەسپاردە هاشووری کۆڵوانە و

لە حەزی بارانا دائەنیشت ... "   ل 63

******

(4)

ئەم رەوایەتە شیعریە ، خاوەنی راوی یەکی تاقانەیە ، کە لەسەرەتاوە بە پێخواسی مووسایانە، کەوش دائەکەنێ و پێ ئەنێتە ناو وادی پیرۆزی جیهانی حەرف و واژە و کەلیمە و هەرچی هەیەتی بەوانە هەڵی داوەسی ، ئەم راویە ، جار نا جارێک لە ناو دوو قۆلاپە دا ، حزوورێکی راستە و خۆی هەیە لە ناو دەقدا :

[ وابزانن من رەزا

باوەڕکەن ماندووبووم

ئەوەندە شاعیرم ] .   ل ؟

بەڵام ئەم حزوورە ناکاوە ، لە کۆپلەکانی دی دا ، بەکارکردێکی خوازەیی ، دە شێعرێ و دەبێتە بەشێک لە جیهانی فانتازیایی دەق :

" ... وابزانن من باران

باوەڕ کەن ماندوو بووم

ئەوەندە لە دەس ئاو هەڵاتم ...   ل 25

کارکردی دالەکان لەسەر تەوەری جێنشینی ، ئەم دەلالەتە شاعیرانەیەی لە حزووری تۆخی راوی خوڵقاندووە ، جارێکی دی بەسرینەوەی دالەکانی جێنشین کراو کۆپلەکە دەخوێنینەوە :

[ وابزانن من ...

باوەڕ کەن ماندوو بووم

ئەوەندە ......   ]

جێگە بە تاڵەکان ، لە دوو کۆپلەکەدا ، بەم دالانە پڕ کراونەتەوە :

- ( رەزا / باران )

- ( شاعیرم / لە دەس ئاە هەڵاتم)

ئەگەر لە دەستە دالەکەی دووهەم دا ، دەلالەتەکان ئاوا لێک دەینەوە :

- ( لە دەس شێعر هەڵاتم / لە دەس ئاو هەڵاتم )

دوو دالی ( شێعر / ئاو ) دەبنە جێنشینی یەکتر ، کە وابوو :

رەزا ( شاعیر ) = باران

شێعر = ئاو

ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە راوی ناو دێڕەکان و بە گشتی رەوایەتی کابووسی دەق ، دەیدا بەو کەسەی پێ دەنێتە ناو جیهانی دەق ، " باران "ە یەک کە لە " ئاو " ماندووە ، چ هاو تەرییبیەکی غەریبە لە تەک ( ئەو قاڵییەی لە گوڵەکانی ماندووە)!

*          *          *

" ... قەتارەکان جێم ئە هێڵن

بە شوێنما مەگەڕێن

نموونە لە قاچم ئێنمەوە

لە هەر کوێ راوەستام

لەوێدام

که خیابان ئەکید ئەکەم
...
که ئاپارتمان بۆم ناسەلمێ
...
زەوی بڕوا بە وەسەتی هەناسەما
حاڵی نابم لەم ئێڕ و دێڕانە
لە کەوشەکانمەوە دەسپێدەکەم
نزیکترین ،
گۆڕەویەکان
گرانترین
نیشتمانمە ،
قاڵییەک دەناسم
لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە ... " ل 16 ـ 15

بۆ خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیە ، دەبێ چەن دێرێک بگەڕێنەوە دواوە :

" ... ئاپارتمان چۆن ئەگاتە سەربانی خۆی
کڵاوەکان کە نیمانە
تووڕئەداتە سەر خیابان ... " ل 15

کۆپلە لە بەرزترین شوێنگە ( سەربانی ئاپارتمان ) وە دەس پێدەکاو دەگاتە نەویترین شوێن ، (قاچ و کەوش و گۆرەوی و سەرقاڵی ) . ئەگەر بە دیدێکی هێماخوازانەوە بڵێین ( ئاپارتمان ) ئێلێمانێکی پێناسەدەری مۆدێرنەیە و سەربان بەرزترین جێگەی و ، کڵاو مەجازێک بێت بۆ زەین و عەقڵانییەتی پێناسەدەر ، کە بە تەوسەوە دەق باسی غیابی دەکا ( کە نیمانە ) ، بە تووڕ هەڵدانی لە بەرزترین شوێنی مۆدێرنەوە بۆ بەری پێ ، ڕەسەنایەتی دەدرێ بە قاچ و ، هەستی و بوون و( Exist) ـ ی خۆی دەدا بەوشوێنەی لەوێ ڕاوەستاوە :

" ... نمونە لە قاچم ئێنمەوە
لە هەر کوێ ڕاوەستام
لەوێدام ... " ل 16

ئەگەر « زەین و عەقڵانییە » تی دەرهەست ، بە ڕوانگەیەکی ماتریالیستی یەوە ، لەرەهەندی مەجازەوە لە کڵاوداچڕبۆتەوە ، لە دووهەمین ڕەفتار دا ، خەریکە چەمکێکی پیرۆزی تر ، لە بۆتەی ماتریالیسم دا قاڵ کاتەوە و لە پش ئەم ماتریالانەوە باسی بکا . ئەم چەمکە پیرۆزە ،" نیشتمانە". جاری دووهەم کە ئاوڕدەداتەوە بۆ سەر « قاچ » ، بە لەمپەرەوە دەڕوانێتە ئەم و تەقەددوسی پێ دەبەخشی و ڕاستەو خۆ باسی ناکاو بە دیدێکی مەجازیەوە باسی کەوش ئەکا ،

" ... لە کەوشەکانمەوە دەسپێدەکەم ... " ل 16

دواجار جورئەتێ دەداتە بەرخۆی و نزیکتر دەبێ و باسی گۆرەوی دەکا ، ئەمەش بە بەهادارترین هێما دادەنێ بۆ چەمکی پیرۆزی « نیشتمان » .

" ... لە کەوشەکانمەوە دەسپێدەکەم
نزیکترین ،
گۆڕەویەکان
گرانترین

نیشتمانه ، ... " ل 16

دوای ئەم زنجیرە مێتافۆرانە ، دەگەڕێتەوە بۆ کۆدی سەرەکی کۆپلەکە واتا قاڵی :

" ... قاڵییەک دەناسم
لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە ... " ل 16

ئەگەر قاچ و کەوش و گۆرەوی ، بە شێوەیەکی مەجازی یەوە ئاشێرە دەکەنە سەر نیشتمان ، قاڵی بە شێوەی خوازەیی لە جێی نیشتمان دانیشتوە کە راوی لەوێ راوەستاوە ، لەسەر قاڵی و ، شوێن پێیەکانی ، بەشێوەی قیاسەوە ، دەکرێ هەر گوڵەکانی قاڵی بن . ئەوانەی بەر لەوەی خەریک بوون نەخشەی نیشتمان ( قاڵی ) یان دەنەخشاندەوەو موختەسساتی ئەم وڵاتەیان بۆ دەردەخستین ، هەر ئەم شوێن پێیانە ، واتا گوڵەکانی بوون ، واتاهەستی وسوژەکانی وڵاتی نیشتمان. ئێستا ، قالی لە گوڵەکانی ماندووە ، نیشتمان لە هەرچی کەسەکانی ناوباوەشی یەتی جاڕزە .

*　　　*　　　*

(5)

چەمکی مەرگ ، کە تەسویری زەمینەی دەقە ، دالێکی فرەمەدلوولە ،جگە لە مردن، تەواوی ماڵئاواییەکان و جودایی و دووری و وڵاتی غەریب و تاراوگەومەنفاش دەگرێتە خۆ . بۆیە لەم کۆپلەیەدا ، ئاوا باس لەم دەلالەتە جیاوازانەی مەرگ ئەکرێ :

" ... تا کوێ دەرەوەم ؟
پیاو ،
باران و باڵندە
تێک ئەدەم
پنا بەرخۆ ، تەرجومەی
ئێرایەک تر ئەکەمەوە
من دڵم یان بە هولەندەوەیە
....
یان دڵم بە ئیسپانیاوەیە
فیکر ئەکەمەوە
لە عەیبا بۆ بەستن
درگاکان دائەخرێن ... " ل 19 - 18

کاتێ قاڵی ماندووە لە گوڵەکانی ، کە وابوو گوڵەکانیش کۆچ ئەکەن . هەستیی پیاو ( مرۆڤی ئاوارەی ناو دەق ) دەخزێتە ناو دوو چەمکی باڵندەو باران و ئەم هەستیە نائارامە ، وەک باڵندە ، لە نیشتمانی جاڕزماڵئاوایی دەکاو هەڵدەفرێ و وەک باران ( کە پێشتر خودی راوی و شاعیر بوو ) ، دائەبارێ و لە شوێنێ کی تر (ئێرایەک تر ) ــ هۆڵەند ، ئیسپانیا ... ــ دەبێتە پەنابەر ، بەڵام ئەم رۆحە نائارامە لەوێش حسانەوەی نیە و لە نەهایەت دا دەرگای ئەوێشی لەسەر گاڵە دەدرێ .

*　　　*　　　*

(6)

گوڵەکانی هەڵوەدای قاڵی ، ماندوو بێ پەنا و پەشیمان ، جارێکی تر رووئەکەنەوە قاڵی خۆیان و دەستە و داوێنی ئەبن .

موسەلەسێک ( کە لەساتەوەختی تێکەڵ بوون لە تەک هێندەسەی مەرگ دەبووبە چوارگۆشە ) لە هەناوی دەقدا دەخوڵقێ ، تاکوو موختەساتی نیشتمان ، لە دڵی ( ئیرایە ) کی تردا دابکوتێ :

" [ تەڵاخانم !
تۆبی و قورعان بارانم کە
کفرم کرد و بووم بە دیوار ]
ئەمەیە قودرەتی ئەو گەشتی خوێنانەی بۆ ئیمە
بڕۆن بە شوێن هەتاوێکدا کە بە پیاوەوە دەگەڕێ یاایهاالموئەنەس
هەڵبگەڕێن بە ناخی خۆتانا تا خەونی جەغزەکان ، یاایهاالموسەلەس
کە ئاسمان زارێکی پێویست بوو ، بە ناوی خۆرەتاو
کە خۆر ، باڵێکی پێویست بوو ، بە ناوی خۆرهەڵات
کە زەوی قژێکی پێویست بوو لە جنسی گیا ... " ل 34

ئەوپیاوەی وەک باڵندە هەڵفری بوو و وەک باران داباری بوو بۆوڵاتێک (ئێرایە) کە ئێستا بە کفری خۆی پێملەو داوا دەکا جارێکی تر بە ئیعجازی ئەوین ببێ بە بارانێکی تر و داباریتەوە سەر نیشتمانەکەی ، ئەم داوایە لە « تەڵاخانم » (هەتاو؟) دەکرێ لەم موسەلەسە دا :




بۆ ئەو وڵاتەی بە سێ خاڵەوە موختەسساتی دەس نیشان دەکات :




* * *

(7)

" تا شتێک نەگوترێ ، بێدەنگی ناخوڵقێ ، بەر لەهەر شتێک ، بێدەنگیەک هەبووە " واتا " لە نێوان دوو سپیایی دا بەرهەم دێت ، سپیایی بەر لە کەلام و سپیایی دوای کەلام . "

دەقی شێعری « بەیاننامە ... » ، ئەم بۆ چوون و تیۆرەی ، لە رەفتارێکی بارتی دا ، بە عەینەیەت گەیاندووە و ماتریالانە وێنای کردووە .

" ... خوا هێشتا
نیشتەجێی ..... ئاسمانی ..... خۆش ئەوێ ..... " ل 8

" ... سێوەکی سێ لە سێو ،
سێ لە چوار
ڕۆژنامە بە خوێنما ، ..... دێڕێ تر ..... " ل 14

" ... بێگومان 4 × پەنج ..... دەرە
بیست لۆرکاهەر یانی ئیسپانیا ..... " ل 27 – 26

" ... نە دیتنی دنیا
بۆ دیتنی ..... کێ بە کێیە ..... دنیا
ئەتوانن لە کۆیرێ بپرسن ..... " ل 37 – 36

" ... ماسیەکان ..... مەوازی ..... دەگریان ،
.....
: ئەمەوێ ..... پردم
: ئەمەوێ بەشیدەت .....مەوازیم
: ئەمەوێ ..... سەرباز نیم ! ..... " ل 70

لە شوێنک دا ، هەرئەم شوێنە بەتاڵەش دەکاتە واژەو دەی‌نووسێتەوە :
" ... بە نوقتەیەکم جێ خاڵی بسپێرە
یان لە پەڕانتزێکا ..... " ل 62

ئەمە هەر ئەو بێدەنگیانەن ،کە تەواو کەرەوەی بێدەنگی بەر لە دێڕەکان و بەرهەم هێنەری مانا و واتا لە نێوان دوو بێدەنگی دانە .
سڕینەوەی ناو بە ناوی دال و واژەکان ، ڕەفتارێکی پێکهاتە شکێنانەیە کە هەوڵی بەرگری لە گوورانی هەرجۆرە مانایەک دەدا و پێکهاتەی دەق ڕووت و قووت دێڵێتەوە ، تاکوو خوێنەر بە نووسینەوە و خوڵقاندنی دووبارەی دا بەشدار بێ و « بەیاننامە » یەک بخوڵقێ بەقەرا تەواوی خوینەرەکانی .

*             *             *

()
لە هەندێک شوێنەکانی دەق دا ، زمانێک و دەربڕینێک دەبینرێ کە لە جنس و توخمی یەکدەستی دەق ناچێ و ناڕێک دێتە بەرچاو :
" ... مامۆستای زەوی و زار پێم ئەفریشکێ :
ئا ئەم خەتانە
ـ کە تۆ نایخوێنی ـ
وڵاتی کوردە .....
زۆری مەڵێ ئەعسابم وردە ..... " ل 52

دوای ئەو رەفتارە خوازەیی و مەجازیە تۆخ و بە هێزانەی کە ئاماژە بە هێندێکیان کرا ، دار شتێکی ئاوا زەق و دروشم ئاسا ، هەستی ئۆرگانیکی دەق داوێتە مەترسیەوە .

*　　　　*　　　　*

(9)

رەزا عەلی پوور ، بەم بەیاننامەیە ، هەوڵی چەندین ساڵەی خۆی دەربڕیوە بۆ تەقاندنەوەی وزەی زمانی خەو ناوی خۆی . دەفتەری شێعری « قاڵیەک دەناسم... » ، ئەگەرچی هەڵگری دەقێکی شێعری دوور و درێژ و هەناسە بڕە و وەک خەون و کابووس ، لە مەنتقی ئاشنا و هاسان و رێک و پێکی واقیع و هۆشیاری ژیان دادەبڕێ ، بەڵام دەق خاوەنی ناهۆشیارێکە کە هەڵگری مەنتقێکی شاعێرانە و لیپا و لیپی رۆحێکی یەکدەست و سەیال و بزۆزی نەسرە وتووی جاریە ، کە وەک ماسی دێتە سەر رۆخی دەق و دەچێتە پش دیاردەکان و لەبن گۆمی دێڕەکان دا ون دەبێ ، بەڵام ئاسەواری وەک شەپۆلی دوای بەرد هاویشتنە ناو گۆمێک ، هەر دیارە .

رەزا عەلی پوور ، بەم جۆرە ، ئەزموونی جیاواز نووسی خۆی لە ئاقاری شێعری جیاواز دا ، بە دۆکۆمێنت دەکاو شوێن پێی لە سەر قاڵی شێعری بەرەی جیاواز ، بە گوڵی واژەکانی ، بەرچاوتر دەبێ .

شنۆ ـ گەلاوێژی 885 ی هەتاوی